وەزارەتی تەندروستی پێنج حاڵەتی نوێی "تای خوێنبەربوون" تۆمار دەکات.

ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزارەتی تەندروستی تۆمارکردنی پێنج حاڵەتی نوێی تووشبوون بە تای خوێنبەربوونی ڕاگەیاند، بەمەش کۆی گشتی تووشبووان لە سەرەتای ئەمساڵەوە بۆ ١٩ حاڵەت بەرزبووەوە.

سەیف بەدر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە بەیاننامەیەکدا کە بە دەست موتڵەع گەیشتووە، ڕایگەیاندووە، "پێنج حاڵەتی نوێی تووشبوون بە تای خوێنبەربوون تۆمارکراوە، بەمەش کۆی گشتی تووشبووان لە سەرەتای ئەمساڵەوە بۆ 19 حاڵەت بەرزبووەتەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، تووشبووەکان بەم شێوەیە دابەشکراون: 7 تووشبوون لە پارێزگای زیقار، 4 تووشبوون لە پارێزگای کەرکوک، جگە لە تۆمارکردنی دوو حاڵەتی گیانلەدەستدان، 3 تووشبوون لە پارێزگای موسەننا، و هەریەکە لەپارێزگاکانی نەینەوا، بەسرە، ڕوسافە، میسان و واست یەک تووشبوون.

ئاماژەی بەوەشکرد، "دابەشکردنی حاڵەتە تۆمارکراوەکانی تای خوێنبەربوون لە بەغدا و پارێزگاکان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کۆی ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە 19 حاڵەت، لەنێویاندا دوو حاڵەتی گیانلەدەستدان".

بەدر داوای لە دەزگا میدیاییە جیاوازەکان کردووە، بەپێی بەیاننامەکە، "هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترسییەکانی تووشبوون بە تای خوێنبەربوون و پەیڕەوکردنی ڕێوشوێنە پێویستەکانی خۆپارێزی".